
# کۆمەڵەی چاوبەرەژێر ..؟

**وەڵامێکی فرە کورت بۆ ناوەندی ڕۆشنبیری کورد/فینلەند**

Ebas SHIWAN
a.shiwan@kurdpost.com



ڕۆژێ اشەممە ڕێکەوتی 02.4.28 لە ماڵپەری Kurdistannêt دا بە ناونیشانی : (**ڕاستکردنەوە ژمارە سفر سەبارەت بە ڕاپۆرتێك و... هەڵوێستێك**) 4 لاپەرەی A4 ، وتارێکی رەخنەیی وەلاّم ئامێز ، لەسەر ڕاپۆرتەهەواڵێکی بەندەی موخلیستان* بڵاوکراوەتەوە.

بابەتی ئاماژە بۆکراو بەناوی ڕێکخراوەکەوە ناوەندی ڕۆشنبیری کورد نوسراوە. بەلاّم ، لە وەلاّم** بە پۆزشێکی*** ماڵپەرەکەدا ، نووسەری بابەتەکە خۆی کەشف کردووە ، کەواتە دەتوانرێت بووترێت یەك کەس هەردوو بابەتەکەی نووسیوە ، کە ئەویش Salar Sofîیە !

کارێکی لەو جۆرە گومان بەرهەم دەهێنێ ، لەو بڕوایەدا نیم ئەو دیدانەی دەربڕراوە گوزارشت لە دیدی سەرجەم ئەندامانی دەستەی بەرێوەبەراتی بکات و بە دەستەجەمعی نووسرابێت !

لەیەکەم دێری نووسراوەکەدا هێڵی ڕاست و چەپ و حوکمی بێ ئەرزشی دراوەتە پاڵ ڕاپۆرتەکە ، لە مانشێتەوە تا دواهەمین وشەی ناوزەدی بە تۆمەت و ناڕاستی دەکات !

خاڵی زیاد و کەمکردنی بەرنامەی ڕۆژەکە وەك نموونەیەك هێنراوەتەوە لە بێبەرنامەیی وخراپ بەڕێوەبردنی کارەکە سەرچاوەکەیش بۆ کێشەی شەخسی و سیاسی لە نێوان دووکەسی خاوەن باس دەگەڕایەوە کە یەکێکیان وەك وتم هەژموونی خۆی سەپاند وباسێکی هەڵبزرکاند و پێشکەش کرد ! هەروەها ئەو هەژموونە بۆ چاوبەرەژێری بۆ KDP دەگەڕێتەوە !


هەر بەو هۆیەوە، وەك لە پەیڤەکانی Rêbwar Kerîmîدا دیارە، و چەند شتی تری وت لەسەر تکای خۆی نەمخستۆتە ڕوو ، چەند ئەو کەشوهەوایە بێزارکەر بوو ، ناوبراو بەزۆر و تکا شیعرەکەی پێ خویندرایەوە.

لە بارەی مۆر و مشەماکەی KDPیەوە، کە بە ناوچەوانی ڕێکخراوەکەوەیە ، ناتوانرێت ئەو مێژووە بشارێتەوە :

ئایا بەردی بناغەی لە ئاهەنگی و یادی دامەزراندنی KDPدا لە ڕۆژی شەممە 01.08.18 شاری Helsinki دانەنرا ؟ کەسێکی وەك Xesrew Pîrballی ئەندامی KDP ویستی هەر لەیەکەم کۆبوونەوەدا 01.03.09

©Kurdistan Nêt

**ڕێکخراوەکە پێك بهێنرێت. بەڵام ، سەرکەوتوو نەبوو. لە خۆیان نەپرسی بۆچ ژمارەیەك لەوانەی لە کۆبوونەوەی یەکەمدا ئامادە بوون لە دووەمدا نەهاتن.**



**نا**

**پاش چەند مانگ ئەو قوورمیش و دنەدانە بەردەوام بوو لە سوود وەرگرتن لە هەڵەی ڕابردوو ، بە وردی سیناریۆیەکی بۆ داڕێژرا و خۆیان بە مقاشی دیکە ، لە کۆبوونەوەیەکی نمایشیدا وەك کارە دزێوەکانی ناو کوردستان ڕێکخراوەکە ڕاگەیەنرا. تەرکیبە و پلە و پایەی ئەدەبی و هونەری ئەندامانیشی لەولاوە بوەستێ...!**

**خۆ گەر بە تەشخیس لەو کارە بدوێین ، بێ ئەوەی ڕێز بۆ شعوری خەڵك دابنێین هێندە باس لە پەرلەمانی KDP و پایتەختی حکومەتی KDP کرا ، وا هەست دەکرا لە لقی 2ی KDPدا دانیشتووین ، بەسادەتر لەو کارەدا KDP کۆنترۆڵی ڕەوشەکەی کردبوو!**

**ڕەخنە لەو کۆنترۆڵ کردنەیە ، ئیتر هەر کەس و لایەنێك بیکات... KDP و PUKو شیوعی و... بە کوردستان تێر ناخۆن ناڕاستەخۆ لە ژێر پەردەی ڕێکخراوەی کەلتووریدا بەنیازن وەك چۆن خەڵکی کوردستانیان بێزار و وەرست کردووە ، ئەورووپا و ئەمەریکا و ئوستراڵیایش بە عەقلی مایع و دواکوتوانەیان ئالوودە و پیس بکەن.**

**گەر یەکێك بێئاگا بێت وادەزانێ من ئەندام نیم لەو ڕێکخراوەیەدا و کارم بۆی نەکردووە. لەگەڵ هەموو ئەو تێبینیانە لەسەر ڕێکخراوەکە و کەسانی پێکهێنەری هەمە ، لە ڕۆژی 02.04.06 بوومەتە ئەندامی ، بەڵام مادام وای لێهات لە بڵاوبوونەوەی ئەم وەڵامەوە ، تا ئەو کاتەی ڕێکخراوەکە خۆی ساغ دەکاتەوە ئەندامبوونم سڕ دەکەم.**

**تکایە بڕوانە ئەم بابەتانە:**

***(ئەنفال گەیشتە (Finland)یش) Ebas SHIWANماڵپەری Kurdistannên، شەممە 02.04.20 ، 8 لاپەرەی A4**

**** (بۆ بەڕێز کاك عومەر فارس بەرپرسی کوردستان نێت) Salar SOFÎ ، 3 شەممە 02.04.30 ، 1 لاپەرەی A4.**

***** (بەڕێزان ئەندامان و دەستەی بەڕێوەبەری ناوەندی ڕۆشنبیری کورد/ فینلەند) Homer FARS ماڵپەری Kurdistannêt ، اشەممە 02.04.28 ، 1 لاپەرەی A4.**

02.05.01

©Kurdistannet